# ناڕەزایەتی هونەرمەندان بەردەوامە

هونەرمەندانی ناڕازی
2006/9/28

"ناڕەزایی ئێمە لەسەر یەکگرتنەوە یان یەکنەگرتنەوە نییە، بەڵکو لەسەر ساڵانێکی درێژە لەگەندەڵی و بێهەڵوێستی و ناکارایی ڕێکخراوە هونەرییەکان" .

یەکەم ساتی ڕووبەڕوبوونەوەمان لە گەڵ کاربەدەستانی ناو بارەگای هونەرمەندان دا وا دەستی پێکرد، سەرۆکی ڕێکخراوەکە بە هاوکاری دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس دەرگای بەڕوی هونەرمەندانی ناڕازی داخست و ڕازی نەبوو بچینە ناو بارەگای ڕێکخراوەکەوە. سەرۆکی ڕێکخراوەکە دەیویست ئاراستەی هەڵوێستوەرگرتنەکە بەرەو توندوتیژی بەرێت،کەسێکی دەستنیشان کرد کە ئەو بەهیچ شێوەیەك نابێت بێتە ژورەوە، پاڵی بە کەسێکی ترەوە دەنا و تا گەیشتە ئەوەی هەڕەشەی ئەوە بکات کە "دەتاندەمە دادگا دواتر کەس نەپارێتەوە"

پاش وەرگرتنی یاداشتنامەکە ئەوان هەڵوێستی خۆیان لە سەر تەنها هەواڵی سایتێکی ئینتەرنێت بنیاتدەنا وقسەی خۆیان دەکرد و گوێیان لە کەسی تر نەدەگرت و شوێنەکەیان جێدەهێشت. کەچی لە بەرامبەر ئەوەدا لە بەیاننامەیەکی پڕ هەڵەی زمانەوانی و بەپەلەنوسراودا باس لەلۆژیکی گفتوگۆیەك دەکەن کە لە سەرەتای سەرەتاوە ڕەتیانکردەوەودواتریش لە سەر هەڵوێستەکەیان بەردەوام بون. ئەو بەیاننامەیەی دواتر بە شێوەیەکی فەرمی وەڵامی دەدەینەوە.

لە ماوەی (48 کاتژمێر)ی ڕابردودا، هونەرمەندانی ناڕازی لە سەر شۆستەی بەردەم بارەگای ڕێکخراوەکە مانەوە و لە سەر چالاکی هونەری و گفتوگۆی جدی و کۆکردنەوەی ئیمزا وپشتگیری بەردەوام بون، وەك چاوەڕوان دەکرا هونەرمەندانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات بە ئیمزا و ئیمەیل و وتار و تەلەفۆن پشتگیریان لەم هەڵوێستەمانکرد و بە بایەخەوە کەوتنە لێدوان وتا ساتی نوسینی ئەم یاداشتە 323 ئیمزا کۆکراوەتەوە، لەگەڵ پشتگیری و ئیمزای شارەکانی "هەولێر و دهۆك" و شارۆچکەکانی ( هەڵەبجە و هەورامان و شارەزور پێنجوێن و دەربەندیخان و چەمچەماڵ و کەلار). و پشتگیری سەرجەم هونەرمەندانی شاری کەرکوك کە بەسوپاسەوە هونەرمەندی گەورە "ناسر حەسەن" پێی ڕاگەیاندین .

ئەمە تەنها سەرەتای ناڕەزایی بوو :

1- بڕۆسەی ئیمزاکۆکردنەوە بەردەوامە.
2- ئەم ناڕەزاییە دەبەینە بەردەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ناوەوە و دەرەوەی وڵات، سەرۆکی حکومەتی هەرێم، سەرۆکی هەرێم، سەرۆك کۆماری عێراق".
3- دروستکردنی هەر ڕێکخراوێکی تر لەلایەن ئێمەوە ڕەتدەکەینەوە و ڕێکخراوەکەشمان جێناهێڵین بۆ گەندەڵی.
4- گەندەڵییەکانی ڕێکخراوەکە بلاودەکەینەوە بۆ بەردەم ڕای گشتی .
5- دەستدەکەین بە دارشتنی پرۆگرام و سیستمێکی مەدەنی هاوشانی مۆدێلە سەرکەوتووەکانی ڕێکخراوی هونەری لە دونیادا.
6-

ڕۆژی شەممەی داهاتوو" 9/30 " لەکۆبونەوەیەکی فراواندا پلان و کاری ئاینده گفتوگۆی لەسەر دەکرێت .

لە کۆتایدا سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی کە پشتگیریان کردین و " کە بەردەوام لە زیاد بووندان "سوپاسیش بۆ برایانی پۆلیس و ئاسایش کە زۆر مەدەنیتر و شارستانیتر بوون لە برایانی ناو بارەگای "ی.هـ.ك".